EAST GATE
ECONOMIC RESEARCH
& MARKET STUDIES

دەرگای ڕۆژهەڵات
بۆ توێژینەوەی ئابووری
و لێکۆڵینەوەی بازاڕ

# واقیعی بانکە تایبەتەکان
## لە عێراقدا



**ئامادەکردنی**

تیمی توێژەرانی ناوەندی دەرگای ڕۆژهەڵات

**بە سەرپەرشتیی**

د . ئیبراهیم ئەدیب ئیبراهیم
گەورەتوێژەرانی ناوەندی دەرگای ڕۆژهەڵات

**بڵاوبوونەوە**

تشرینی یەکەم 2023

# واقیعی بانکە تایبەتەکان
لە عێراقدا

## ناوەڕۆک


| تەوەرەکان | لاپەڕەکە |
|---|---|
| ناوەڕۆک | 03 |
| واقیعی بانکە تایبەتەکان لە عێراقدا | 04 |
| بڵاوبوونەوەی بانکە تایبەتەکان لە عێراقدا | 04 |
| سەرمایەی بانکەکانی عێراق | 06 |
| دیارترین چالاکییەکانی بانکە تایبەتەکانی عێراق | 08 |
| قازانجی بانکە بازرگانییەکان | 10 |
| قازانجی بانکە ئیسلامییەکان | 11 |
| :هەندێک پێنوێن (ئاماژە) لەبارەی دواکەوتوویی کەرتی بانکی لە عێراقدا | 12 |
| :ئاراستەکانی بانکی ناوەندیی عێراقی بۆ پەرەپێدانی کاری بانکی لە عێراقدا | 15 |
| پاشکۆکان | 16 |


# واقیعی بانکە تایبەتەکان لە عێراقدا

لەو کاتەوەی یاسای ژمارە (94) ی بانکەکان بۆ ساڵی 2004 دەرچووە، چالاکیی بانکە تایبەتەکان بڵاوبوونەوە؛ دوای ئەوەی دەوڵەت هەژموونی بەسەر زۆربەی جومگەکانی ژیانی ئابووری و لەنێویشیاندا کەرتی دارایی و بانکییدا کرد. مەبەست لە دانانی ئەو یاسایەش گۆڕینی سیستەمی ئابووریی عێراق لە پلاندانانی ناوەندییەوە بۆ میکانیزمی بازاڕ بوو، کە یاساکە دەستەبەری دامەزراندنی بانکە تایبەتەکان بۆ کەرتی تایبەتی ناوخۆیی و بیانی دەکات، پاش وەرگرتنی ڕێپێدانی بانکی ناوەندیی عێراق. کە لەم ڕووەوە بانکی ناوەندی لایەنی کەمی سەرمایەی بانکی تایبەتی ناوخۆیی  بە (250) ملیار دیناری عێراقی (دوای ئەوەی 100 ملیار) بوو، دیاریکردووە. سەبارەت بە لقەکانی بانکە بیانییەکانیش، لانی کەمی سەرمایەی لقێک بە (50) ملیۆن دینار دیاریکراوە. (بانکی ناوەندی عێراق)

## بڵاوبوونەوەی بانکە تایبەتەکان لە عێراقدا:


نزیکەی 71 بانکی تایبەتی دامەزراون (25ی ناوخۆیی بازرگانی و 28ی ناوخۆیی ئیسلامی و 16ی بیانیی بازرگانی و 2ی بیانیی ئیسلامی)، بەوەش ژمارەی لقەکانی ئەو بانکانە لە تەواوی پارێزگاکانی عێراقدان دەگاتە 470 لق. کە بە پلە یەک و بنەڕەتی دەکەونە بەغدای پایتەخت. وە بە پلەی کەمتر لە بەسرە و هەولێر، دواتریش لە نەجەف و نەینەوا و کەربەلا و سلێمانی.

**هێڵکاری (1):** لقەکانی بانکە بازرگانییەکانە بەپێی پارێزگاکان





**(ئەم هێڵکارییە لە دانانی ناوەندە، بە پشتبەستن بە زانیارییە بڵاوکراوەکان لە لاپەڕە فەرمییەکانی بانکەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت).**

## هێڵکاری (2): کۆی لقەکانی هەموو بانکەکان پیشان دەدات







## هێڵکاری (3) : لقەکانی بانکە ئیسلامییەکان پیشاندەدات بەپێی پارێزگاکان




**(ئەم هێڵکارییە لە دانانی ناوەندە، بە پشتبەستن بە زانیارییە بڵاوکراوەکان لە لاپەڕە فەرمییەکانی بانکەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت).**

## هێڵکاریی (4): کۆی لقەکانی بانکی ئیسلامی پیشان دەدات





(ئەم هێڵکارییە لە دانانی ناوەندە، بە پشتبەستن بە زانیارییە بڵاوکراوەکان لە لاپەڕە فەرمییەکانی بانکەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت).

## سەرمایەی بانکەکانی عێراق:


زۆربەی بانکە تایبەتەکان ئاستی کەمترینی سەرمایە تێناپەڕێنن کە لەلایەن بانکی ناوەندییەوە بە (250) ملیار دیاریکراوە (جگە لە بانکی کوردستانی نێودەوڵەتیی ئیسلامی)، بە هەمان شێوەش بۆ بانکە بیانییەکان. سەبارەت بە بانکە حکومییەکان، زۆربەیان لە خوار کەمترین سەرمایەی بانکە ئەهلییەکانەوەن، جگە لە بانکی عێراقی بۆ بازرگانی.

## هێڵکاریی (5): سەرمایی بانکە حکومییەکان بە ملیاران دینار




(هێڵکارییەکە لەلایەن ناوەندەوە بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی بانکی ناوەندیی عێراقی دروستکراوە).


## هێڵکاری (6): سەرمایەی بانکە بازرگانییەکانە بە ملیاران دینار




(هێڵکارییەکە لەلایەن ناوەندەوە بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی بانکی ناوەندی دروستکراوە).



## هێڵکاری (7): سەرمایەی بانکە ئیسلامییەکان بە ملیاران دینار





(هێڵکارییەکە لەلایەن ناوەندەوە بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی بانکی ناوەندیی عێراقی دروستکراوە).

## دیارترین چالاکییەکانی بانکە تایبەتەکانی عێراق


ئەوانەی بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرتە داراییەکانی بانکە بازرگانی و وەبەرهێنەرە تایبەتەکان دەکەن، دەتوانن تێبینیی ئەوە بکەن کە چالاکییەکانی ئەم بانکانە لە کۆمپانیا بانکییەکان نزیکترە لە چاو ئەو بانکدارەی کە بە نێوەندگیریی نێوان قەرزدەرەکان و قەرزوەرگرەکان نوێنەرایەتی دەکرێت. ئەو خزمەتگوزارییە بانکییانەی کە بە ئاسانکاریی کارەکانی پارەدان و گواستنەوەی دارایی لە بەرامبەر دراوەکان یان ڕسوماتدا نوێنەرایەتی دەکرێن، دیارترین چالاکیی بانکە ئەهلییەکانن؛ دواتر گرنگیی فرۆشتنی دراوی بیانی، پاشان کارەکانی قەرزکردن لە بەرامبەر سووددا دێت.

**هێڵکاریی (8):** داهاتی دیارترین چالاکییە بانکییەکانی بانکی بازرگانی بە ملیاران دیناری عێراقی بۆ ساڵی 2020




(هێڵکارییەکە لەلایەن ناوەندەوە بە پێشتبەستن بە راپۆرتە داراییەکانی بانکە ناوەندییەکان دانراوە کە لە دەستەی کاخەزاراییەکانی عێراق بلاوکراوەتەوە).


**هێڵکاریی (9):** داهاتی دیاریترین چالاکییە بانکییەکانی بانکەکانی بازرگانی بە ملیاران دیناری عێراقی بۆ ساڵی 2021




(هێڵکارییەکە لەلایەن ناوەندەوە بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتە داراییەکانی بانکە بازرگانییەکان دانراوە کە لەلایەن دەستەی کاخەزە داراییەکانی عێراق بلاوبووەتەوە).


بەڵام بانکە ئیسلامییەکان دراوە بیانییەکان و خزمەتگوزارییە بانکییەکان دەفرۆشن، لەبەرانبەر رسوماتەکان یان دراوەکان. لە گرنگییدا هەریەک لە کارەکانی بانکی ئیسلامی وەک قازانجکردن و بەکرێدان و وەبەرهێنانی درێژخایەن بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

**هێڵکاری (10):** داهاتەکانی دیارترین چالاکیە بانکییەکانی بانکە ئیسلامییەکان بە ملیاران دیناری عێراقی بۆ ساڵی 2020




(هێڵکارییەکە لەلایەن ناوەندەوە بە پشتبەستن بە راپۆرتە داراییەکانی بانکە ناوەندییەکان دانراوە کە لە دەستەی کاخەزاراییەکانی عێراق بڵاوکراوەتەوە).

**هێڵکاری (11):** داهاتی دیارترین چالاکیە بانکییەکانی بانکە ئیسلامییەکان بە ملیاران دیناری عێراقی بۆ ساڵی 2021





(هێڵکارییەکە لەلایەن ناوەندەوە بە پشتبەستن بە راپۆرتە داراییەکانی بانکە ناوەندییەکان دانراوە کە لە دەستەی کاخەزاراییەکانی عێراق بڵاوکراوەتەوە).

## قازانجی بانکە بازرگانییەکان

قازانجی بانکە بازرگانییەکان لە2020 و 2021 لەنێوان %11.4 و -1.7 % بووە. بەڵام لە تێکڕای %2.9 بۆ ساڵی 2020 تێنەپەڕیوە و بۆ ساڵی 2021 لە %2.2 تێنەپەڕیوە. وە بە ئەنجامدانی شیکاری پاشەکشە بۆ نیشاندانی کاریگەریی قەبارەی داهاتی چالاکییە بنەڕەتییەکان لەسەر بڕی قازانجی بانکە بازرگانییەکان، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە زۆرترین چالاکیی کاریگەر لە قەبارەی قازانجەکانی ساڵی 2020، داهاتی سوودە، دواتر داهاتی فرۆشتنی دراوی بیانی دێت، کە ڕێژەی کاریگەریی داهاتی سوود لەسەر بڕی قازانج 0.9 یە، کاریگەریی داهاتی فرۆشتنی دراویش 0.4 بووە، بەڵام کاریگەریی داهاتی دراوەکان مەعنەوی نەبووە. لە ساڵی 2021 کاریگەریی داهاتی فرۆشتنی دراو لە قازانجەکان بەهێزتر بووە بە ڕێژەی 0.8، کە هێزی کاریگەریی داهاتی قازانجەکانی بەدوادا دێت بە ڕێژەی 0.4، وە دواتر بۆ داهاتی دراوەکان کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبووە بە ڕێژەی 0.3 وەک لە خشتەی (١١) دا پیشان دراوە.

**هێڵکاری (12):** تێکڕای قازانجی پشک




**(هێڵکارییەکە لەلایەن ناوەندەوە بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتە داراییەکانی بانکە بازرگانییەکان دانراوە کە لە دەستەی کاخەزە داراییەکانی عێراق بڵاوبووەتەوە).**

خشتەی (1)

## دەرئەنجامەکانی شیکردنەوەی داکشانی قازانجەکانی بانکەکان لەسەر داهاتەکانی چالاکیی بانکە بازرگانییەکان

### گۆڕاوی پشتپێبەستراو: قازانجی سافی


| گۆڕاوە شیکارییەکان (التفسیریە) | مامەڵەکانی ساڵی 2020 | مامەڵەکانی 2021 |
|---|---|---|
| **داهاتی قازانجەکان** | 0.93*** | 0.41*** |
| **داهاتی دراوەکان** | -0.12 | 0.26** |
| **داهاتی فرۆشتنی کار** | 0.45*** | 0.77** |
| **سنووری جێگیر** | 0.37 | -1.76*** |
| Adj-R2 **ڕێژەی دیاریکردن** | 86% | 86% |
| F-Statistics | 34.5*** | 34.24*** |

(خشتەکە لە دانانی توێژەرە بە بەکارهێنانی بەرنامەی STATA، *** واتا ئاستی مەعنەویی 1%، ** واتا ئاستی مەعنەویی 5%، * واتا ئاستی مەعنەویی 10%).

## قازانجی بانکە ئیسلامییەکان

قازانجی بانکە ئیسلامییەکان لە ساڵانی 2020 و 2021 لە نێوان 13.2% و 0.4% بووە، بەڵام لە ساڵی 2020 لە تێکڕای 4.7% تێنەپەڕیوە و لە 4% بۆ ساڵی 2021 تێنەپەڕیوە. وە لە میانی شیکردنەوەی دابەزینی کاریگەریی قەبارەی داهاتی چالاکییە بنەڕەتییەکان لە بڕی قازانجی بانکە بازرگانییەکان دەردەکەوێت زۆرترین چالاکی کە کاریگەری لەسەر بڕی قازانجەکان هەبووە، ئەو داهاتانە بووە کە لە فرۆشتنی دراوی بیانییەوە کراوە، وەک ڕێژەی کاریگەریی سافیی قازانجەکان 1.01 بووە بۆ ساڵی 2020 و 9.35 بووە بۆ ساڵی 2021. دواتر گرنگیی داهاتی 2020 لە کارە بانکییەکانی ئیسلامی کە قازانجی تەواوەتی 0.81 بووە، هەروەها داهاتی دراوەکان کاریگەری لەسەر قازانجە سافییەکان 0.56 بووە. بەڵام لە ساڵی 2021 کاریگەریی داهاتەکانی دراوەکان گەورەتر بووە لە کاریگەریی مامەڵە بانکییەکانی بانکی ئیسلامی کە بە بڕی قازانجی سافیی 0.21 بەرامبەر بە 0.16 بووە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی مامەڵە بانکییەکانی ئیسلامی لە سافیی قازانجەکان. بەڵام کاریگەریی وەبەرهێنانە درێژخایەنەکان لە سافیی قازانجەکان لە ساڵی 2020دا پێچەوانە بووەتەوە و بۆ ساڵی 2021 نامەعنەوی بووە، هەروەکوو لە خشتەی (2) ڕوونکراوەتەوە.

### هێڵکاریی (13): تێکڕای قازانجی بانکە ئیسلامییەکان




(هێڵکارییەکە لەلایەن ناوەندەوە بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتە داراییەکانی بانکە بازرگانییەکان دانراوە کە لە دەستەی کاخەزە داراییەکانی عێراق بڵاوبووەتەوە).

## خشتەی (2)

### دەرئەنجامەکانی شیکردنەوەی دابەزینی قازانجی بانکەکان لەسەر داهاتی چالاکییەکانی بانکە ئیسلامییەکان

### گۆڕاوی پشتپێبەستراو: قازانجی سافی


| گۆڕاوە شیکارییەکان (التفسیریە) | مامەڵەکانی ساڵی 2020 | مامەڵەکانی 2021 |
|---|---|---|
| داهاتی کارە بانکییەکانی ئیسلامی | 0.81*** | 0.16** |
| داهاتی دراوەکان | 0.56*** | 0.21*** |
| داهاتی فرۆشتنی کار | 1.01*** | 0.35*** |
| وەبەرهێنانی درێژخایەن | -0.66*** | 0.23 |
| سنووری جێگیر | -3.61*** | -0.86* |
| Adj-R2 ڕێژەی دیاریکردن | 78% | 81% |
| F-Statistics | 19.01*** | 22.68*** |

(خشتەکە لە دانانی توێژەرە بە بەکارهێنانی بەرنامەی STATA، *** واتا ئاستی مەعنەویی 1%، ** واتا ئاستی مەعنەویی 5%، * واتا ئاستی مەعنەویی 10%).

### هەندێک پێنوێن (ئاماژە) لەبارەی دواکەوتوویی کەرتی بانکی لە عێراقدا:


عێراق لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتانی عەرەبی، وەکوو لاوازترین دەوڵەتەکان لەڕووی پێنوێن و ئاماژەی داراییەوە دەژمێردرێت. بەوپێیەی لەسەر بنەمای زانیارییەکانی بانکی نێودەوڵەتی The Global Findex Database هاتووە. هەروەها بەپێی پێنوێنەکانی ساڵی 2020، عێراق بە یەکێک لەو دەوڵەتە عەرەبییانە دەژمێردرێت کە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی، کەمترین بانکی بازرگانی هەیە. واتا ژمارەی لقەکانی بانکە بازرگانییەکانی بۆ هەر 100 هەزار کەس 4 لقە.وە ژمارەی ئامێرە ئۆتۆماتییەکانی پارەدان بۆ هەر 100 هەزار کەس 5 دانەیە. وە لە نێوان هەر 1000 کەسی پێگەیشتوودا، کەمتر لە دوو کەس کارتی بانکیان هەیە. هەرچی لە ڕووی کارتی ڕاکێشانی ئۆتۆماتیکیی پارەیە، دۆخی لە وڵاتی جەزائیر و تونس باشترە، لە هەر 1000 کەسێک، 112 کەس کارتی ڕاکێشانی ئۆتۆماتیکیی پارەی هەیە. ئەوەش بەهۆی پشتبەستنی حکومەتی عێراقی بە کارت بۆ ڕاکێشانی ئۆتۆماتیکیی مووچەی فەرمانبەران. لە ڕووی ژمارەی مامەڵە بانکییەکان لەسەر ئینتەرنێت و مۆبایل، لە 1000 کەسدا کەمتر لە کەسێک کاروباری بانکی لەسەر ئینتەرنێت و مۆبایل دەکات. لەڕووی کۆمپانیاکانی دڵنیاییش، بۆ هەر 100 هەزار کەسێک 20 کۆمپانیا کەمتر هەیە.

**هێڵکاریی (14):** ژمارەی لقەکانی بانکە بازرگانییەکان بۆ هەر 100 هەزار کەسی پێگەیشتوو





(سەرچاوەی زانیارییەکانی هێڵکاریی 14-20 بانکی نێودەوڵەتییە: The Global Finder Databases 2021).


## **هێڵکاریی (15):** ژمارەی لقەکانی بانکە بازرگانییەکان بۆ هەر 1000 کم2





## **هێڵکاریی (16):** ژمارەی ئامێرە بانکییە ئۆتۆماتیکییەکان بۆ هەر 100 هەزار کەسی پێگەیشتوو





## **هێڵکاریی (17):** ژمارەی ئامێرە بانکییە ئۆتۆماتیکییەکان بۆ هەر 100 کیلۆمەتر چوارگۆشە




## **هێڵکاریی (18):** ژمارەی کارتی بانکی بۆ هەر 1000 کەسی پێگەیشتوو





## **هێڵکاریی (19):** ژمارەی کارتی ڕاکێشانی ئۆتۆماتیکی بۆ هەر 1000 کەسی پێگەیشتوو




## **هێڵکاریی (20):** ژمارەی مامەڵە بانکییەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و مۆبایل (لە ماوەی ساڵی ئاماژەبۆکراو) بۆ هەر 1000 کەسی پێگەیشتوو



**هێڵکاریی (21):** ژمارە کۆمپانیاکانی دڵنیایی بۆ هەر 100 هەزار کەسی پێگەیشتوو




## ئاراستەکانی بانکی ناوەندیی عێراقی بۆ پەرەپێدانی کاری بانکی لە عێراقدا:

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بانکی ناوەندی عێراق بۆ پەرەپێدانی ژێرخان، دیدگایەکی داهاتوو بۆ پەرەپێدانی سیستەمی پارەدان دانراوە لە ڕێگەی کارپێکردنی سیستەمی گونجاو لەگەڵ باشترین پیادەکردنی جیهانی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی پێکبەستنەوەی دارایی و بەئۆتۆماتیککردنی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی چەند ڕێکارێکەوە کە کاری لەسەر دەکات، وەک پرۆژە بۆ بەڕێوەبردنی پارەدان لە بانکی ناوەندیی عێراق، کە بریتییە لە (کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراقی لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی عێراقی لە 14ی 9ی 2022):

ا-کاراکردنی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بۆ لایەنە فەراهەمکراوەکان.

ب- پرۆژەی بەئۆتۆماتیکردنی کاری وەزارەت و دامەزراوە حکومییەکان.

ج- پرۆژەی دامەزراندنی سیستەمی پارەدانی خێرا Fast Payment

د- پرۆژەی بەدیجیتاڵکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە عێراق.

ە- جێبەجێکردنی پرۆژەی ئەلیکترۆنی ناسراو بە کڕیارەکەت (K-KYC) کە بنکەی زانیاریی یەکخراو دابیندەکات بۆ ئاسانکاری ناسینەوەی کڕیار.

و- جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە داراییە دیجیتاڵییەکان.

ز- پەرەپێدانی سیستەمێکی یەکلاییکردنەوەی گشتی لە کاتی ڕاستەقینەدا (RTGS) بۆ کارکردن بەپێی بنکەیەکی زانیاریی یەکگرتوو بۆ ئاسانکاریی پرۆسەی ناسینەوەی کڕیار.

ح- بەشداریکردنی سیستەمی بانکیی عێراقی لە سیستەمی گۆڕینی چەکی کاخەزی بە شێوەی ئەلیکترۆنی (المقاصة) ی هەرێمی و سیستەمی مەقاصە بۆ پارەدانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و پاکتاوکردنی.

گ- دانانی ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ گشتاندنی دارایی و گەیاندنی خزمەتگوزاریی پارەدانی ئەلیکترۆنی بۆ تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە.

ی- گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا وەبەرهێنییەکان بۆ نەخشەدانانی ستراتیژی بۆ پارەدان و پەرەپێدانی پەیکەری سیستەمی پارەدان.

ک- گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکییەکانی وردبینی بۆ پێداچوونەوە بە کاری دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی پارەدانی ئەلیکترۆنی لەڕووی دارایی و تەکنیکییەوە و لە ڕووی مەودای هاوشێوەبوونیان بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و ڕێنماییەکانی ئەو بانکە.

# پاشکۆکان

# الملحق -أ - توزيع المصارف التجارية حسب المحافظات العراقية

| ت | اسم المصرف | أربيل | دهوك | السليمانية | نينوى | كركوك | صلاح الدين | ديالى | الانبار | بغداد | بابل | النجف | كربلاء | القادسية | واسط | المثنى | ذي قار | ميسان | البصرة | المجموع |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| *1* | بغداد | 2 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 11 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 3 | 31 |
| *2* | التجاري العراقي | | | | | | | | | 6 | | 1 | | | | | | | 2 | 9 |
| *3* | الشرق الاوسط العراقي للاستثمار | 1 | 2 | 1 | 2 | 1 | 1 | | | 5 | 1 | 1 | 1 | | 1 | | | | 1 | 18 |
| *4* | الاستثمار العراقي | 1 | | 2 | | | | | | 6 | 1 | 1 | 1 | | 1 | 1 | | | 1 | 15 |
| *5* | البصرة الدولي للاستثمار | | | | | | | | | 5 | | 2 | | | | | | | 4 | 11 |
| *6* | المتحد للاستثمار | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 2 | 1 | 2 | 9 | 1 | 1 | 1 | 1 | | 1 | 1 | | 1 | 26 |
| *7* | الأهلي العراقي | 2 | | 2 | 1 | | | | 1 | 9 | 1 | 2 | 1 | | | | | | 3 | 22 |
| *8* | الائتمان العراقي | 1 | | | | | | | | 1 | | | | | | | | | 1 | 3 |
| *9* | دار السلام للاستثمار | 1 | | | | | | | | 1 | | | 3 | | | | | | 2 | 7 |
| *10* | مصرف بابل | | | | 1 | | | | | 3 | 1 | 3 | 1 | | | | 1 | 1 | 1 | 12 |
| *11* | الاقتصاد للاستثمار والتمويل | | | | | | | 1 | | 5 | 1 | | | | 1 | | 1 | 1 | | 10 |
| *12* | سومر التجاري | 1 | | | | | | | | 6 | | 1 | | | | | | | 1 | 9 |
| *13* | الخليج التجاري | 1 | 1 | | | | 1 | | 1 | 4 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | 17 |
| *14* | الوركاء للاستثمار والتمويل | 1 | | 1 | 4 | 2 | | | 1 | 15 | | 1 | | | | | 1 | 1 | 1 | 28 |
| *15* | الموصل للتنمية والاستثمار | 1 | 1 | 1 | 4 | 1 | 1 | | | 1 | | | | | | | | | | 10 |
| *16* | الشمال للتمويل والاستثمار | 1 | | 1 | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 3 |
| *17* | الاتحاد العراقي | 1 | | | | | | 1 | 1 | 1 | | 1 | 1 | 1 | 1 | | 1 | 1 | 1 | 11 |
| *18* | اشور الدولي للاستثمار | 1 | | 1 | 1 | | 1 | | | 2 | | | 1 | | | | | | 1 | 8 |
| *19* | المنصور للاستثمار | 1 | | 1 | | | | | | 2 | 1 | 1 | 1 | | | | | | 1 | 8 |
| *20* | عبر العراق | 1 | | | | | | | | 2 | | | | | | | | | | 3 |
| *21* | الاقليم التجاري للاستثمار | 1 | 1 | 1 | | 1 | | | | 1 | | | | | | | | | | 5 |
| *22* | الهدى | | | | | | | | | 4 | | | 1 | | | | 1 | | | 6 |
| *23* | اربيل للاستثمار والتمويل | 1 | 1 | 1 | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 4 |
| *24* | التنمية الدولي للاستثمار والتمويل | 1 | | 1 | 1 | | | | | 5 | | 1 | 1 | | | | | 1 | 1 | 12 |
| *25* | حمورابي | 1 | | | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 2 |
| | مجموع فروع المصارف | 22 | 8 | 15 | 16 | 7 | 7 | 4 | 7 | 107 | 9 | 18 | 15 | 4 | 6 | 4 | 8 | 7 | 26 | 290 |

# الملحق -ب - توزيع المصارف التجارية حسب المحافظات العراقية

| ت | اسم المصرف | أربيل | دهوك | السليمانية | نينوى | كركوك | صلاح الدين | ديالى | الانبار | بغداد | بابل | النجف | كربلاء | القادسية | واسط | المثنى | ذي قار | ميسان | البصرة | مجموع الفروع |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .1 | ايلاف الاسلامي | | | 1 | | | | | | 3 | 1 | | | | | 1 | | | 1 | 7 |
| .2 | العراقي الإسلامي للاستثمار والتنمية | 1 | | | 1 | 1 | 1 | | 2 | 3 | 1 | 1 | | 1 | | 1 | | | 1 | 14 |
| .3 | كوردستان الدولي الإسلامي للاستثمار والتنمية | 5 | 4 | 1 | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 11 |
| .4 | الوطني الإسلامي | | | | | | | | | 2 | | 1 | 1 | | | | | 1 | 1 | 6 |
| .5 | دجله والفرات للتنمية والاستثمار | 1 | | 1 | 1 | | | | | 1 | | | | | | | | | | 4 |
| .6 | التعاون الإسلامي للإستثمار | 1 | | | | | | | | 1 | | 1 | 1 | | | | | | 1 | 5 |
| .7 | العطاء الإسلامي للإستثمار والتمويل | | | | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 1 |
| .8 | جيهان للإستثمار والتمويل الإسلامي | 1 | 2 | 1 | 1 | 2 | | 1 | | 1 | | 1 | | | | | | | 1 | 11 |
| .9 | المستشار الإسلامي للاستثمار والتمويل | | | | | | | | | 2 | | 1 | 1 | | | | | | 1 | 5 |
| .10 | الناسك الإسلامي للاستثمار والتمويل | | | | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 1 |
| .11 | العالم الإسلامي | | | | | | 1 | | | 3 | 1 | 1 | 1 | | | | 1 | | 1 | 9 |
| .12 | الجنوب الإسلامي | | | | 1 | | | | | 4 | | | | 1 | 1 | 1 | | | 1 | 9 |
| .13 | الود الإسلامي للاستثمار والتمويل | | | | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 1 |
| .14 | العربية الإسلامي | 1 | | | | 1 | | | | 2 | | | | | | | | | | 4 |
| .15 | نور العراق الإسلامي للاستثمار والتمويل | | | | | | | | | 4 | | | | | | | | | | 4 |
| .16 | زين العراق الإسلامي للاستثمار والتمويل | | | | | | | | | 3 | | | 1 | | | | | | | 4 |
| .17 | الدولي الإسلامي | | | | | | | | | 2 | | 1 | 1 | | | | | | 1 | 5 |
| ت | اسم المصرف | أربيل | دهوك | السليمانية | نينوى | كركوك | صلاح الدين | ديالى | الانبار | بغداد | بابل | النجف | كربلاء | القادسية | واسط | المثنى | ذي قار | ميسان | البصرة | مجموع الفروع |
| .18 | القابض الإسلامي للتمويل والاستثمار | | | | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 1 |

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .19 | الأنصاري الإسلامي للاستثمار والتمويل | | | | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 1 |
| .20 | الثقة الدولي الإسلامي | 1 | | 2 | 1 | 1 | | 1 | 1 | 4 | 1 | 1 | 1 | | 1 | 1 | | | 1 | 17 |
| .21 | الراجح الإسلامي للاستثمار والتمويل | | | | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 1 |
| .22 | القرطاس الإسلامي للاستثمار والتمويل | 1 | | | | | | | | 2 | | | | | | | | | | 3 |
| .23 | اسيا العراق الاسلامي | | | | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 1 |
| .24 | المشرق العربي الإسلامي للاستثمار | | | | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 1 |
| .25 | الطيف الإسلامي للاستثمار والتمويل | 2 | | 1 | 1 | | | | | 5 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 | | 1 | 1 | 2 | 18 |
| .26 | أور الإسلامي | | | | | | | | | 1 | | | | | | | | | | 1 |
| .27 | أمين العراق الاسلامي للاستثمار والتمويل | | | | | | | | 1 | 3 | | | | | | | | | | 4 |
| .28 | العراق الأول الإسلامي للاستثمار والتمويل | 1 | | | 1 | 1 | 1 | | 2 | 3 | 1 | | | 1 | | 1 | | | 1 | 13 |
| | المجموع | 15 | 6 | 7 | 7 | 6 | 3 | 2 | 6 | 58 | 6 | 9 | 8 | 4 | 3 | 5 | 2 | 2 | 13 | 162 |

## الملحق -ج- إيرادات وأرباح المصارف التجارية للعامين 2020 و2021

| ت | المصرف | صافي إيرادات الفوائد (بمليارات الدنانير) | | صافي إيرادات العمولات (بمليارات الدنانير) | | أرباح عملات اجنبية (بمليارات الدنانير) | | الإيرادات (بمليارات الدنانير) | | صافي الأرباح بعد الضريبة (بمليارات الدنانير) | | حقوق المساهمين (بمليارات الدنانير) | | معدل الربح (الإيرادات/ حقوق المساهمين) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 |
| .1 | الأهلي العراقي | 46 | 20 | 30 | 26 | 5 | 7 | 83 | 54 | 26 | 20 | 316 | 307 | 8.2% | 6.5% |
| .2 | التجاري العراقي | 17 | 14 | 2 | 1 | 2 | 41 | 29 | 57 | 13 | 35 | 314 | 308 | 4.1% | 11.4% |
| .3 | المتحد للاستثمار | 11 | 4 | 5 | 6 | -0.31 | | 15 | 9 | 0.45 | 2 | 304 | 303 | 0.1% | 0.7% |
| .4 | أربيل للاستثمار والتمويل | 8 | 7 | 5 | 4 | 4 | 4 | 18 | 15 | 9 | 13 | 267 | 276 | 3.4% | 4.7% |
| .5 | آشور الدولي للاستثمار | 1 | 2 | 16 | 30 | 0.2 | 48 | 22 | 79 | 8 | 15 | 281 | 273 | 2.8% | 5.5% |
| .6 | الائتمان العراقي | 1 | 1 | 3 | 2 | 0.3 | 0.6 | 5 | 5 | -5 | -3 | 289 | 293 | -1.7% | -1.0% |
| .7 | عبر العراق | 4 | 4 | 3 | 3 | 2 | 2 | 9 | 10 | -2 | 3 | 265 | 268 | -0.8% | 1.1% |
| .8 | سومر التجاري | 1 | 0.5 | 0.2 | 0.05 | 2 | 3 | 6 | 8 | 1 | 1 | 264 | 263 | 0.4% | 0.4% |
| .9 | بغداد | 14 | 11 | 47 | 29 | 18 | 20 | 83 | 60 | 30 | 20 | 309 | 278 | 9.7% | 7.2% |
| 10 | الموصل للتنمية والاستثمار | 0.15 | 0.8 | 9 | 5 | | | 10 | 6 | 3 | 1 | 271 | 270 | 1.1% | 0.4% |
| 11 | المنصور للاستثمار | 11 | 12 | 5 | 3 | 0.4 | 0.4 | 17 | 16 | 8 | 7 | 280 | 286 | 2.9% | 2.4% |
| 12 | الخليج التجاري | 0.3 | 3 | 6 | 8 | 0.4 | 0.2 | 9 | 12 | -5 | -1 | 304 | 307 | -1.6% | -0.3% |
| 13 | التنمية الدولي | 22 | 20 | 28 | 21 | ..... | ..... | 50 | 41 | 16 | 13 | 298 | 282 | 5.4% | 4.6% |
| 14 | الإقليم التجاري للاستثمار والتمويل | 3 | 2 | 25 | 21 | 3 | 14 | 36 | 43 | 9 | 8 | 307 | 298 | 2.9% | 2.7% |
| 15 | الاقتصاد للاستثمار والتمويل | -0.7 | 0.5 | 16 | 13 | 0.5 | 0.5 | 18 | 15 | 0.6 | 3 | 259 | 259 | 0.2% | 1.2% |
| 16 | الاستثمار العراقي | 4 | 2 | 3 | 2 | 0.4 | 1 | 14 | 16 | 0.9 | 5 | 263 | 265 | 0.3% | 1.9% |
| 17 | الاتحاد العراق | 2 | -0.4 | 8 | 9 | -0.4 | -2 | 10 | 8 | 1 | 0.8 | 265 | 263 | 0.4% | 0.3% |
| | المجموع | 144.75 | 103.4 | 211.2 | 183.05 | 37.49 | 139.7 | 434 | 454 | 113.95 | 142.8 | 4856 | 4799 | 2.3% | 3.0% |

## الملحق د  إيرادات وأرباح المصارف الإسلامية للعامين 2020 و2021

| ت | المصرف | صافي العمليات المصرفية (بمليارات الدنانير) | | صافي إيرادات العمولات (بمليارات الدنانير) | | أرباح عملات أجنبية (بمليارات الدنانير) | | استثمارات طويلة وشركات تابعة (بمليارات الدنانير) | | الإيرادات (بمليارات الدنانير) | | صافي الأرباح بعد الضريبة (بمليارات الدنانير) | | حقوق المساهمين (بمليارات الدنانير) | | معدل الربح (الإيرادات/ حقوق المساهمين) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 | 2021 | 2020 |
| .1 | آسيا العراق الإسلامي | 3 | 2 | 1 | 0.4 | 3 | 5 | 0 | 0 | 7 | 7 | -1 | 0.7 | 248 | 149 | 2.8% | 4.7% |
| .2 | الانصاري الإسلامي | 3 | -5 | 0.04 | 0.03 | 1 | 8 | 0 | 0 | 4 | 3 | 0.3 | 0.4 | 245 | 243 | 1.6% | 1.2% |
| .3 | الثقة الإسلامي | 2 | 1 | 7 | 6 | 2 | 9 | 3 | 3 | 15 | 20 | 2 | 8 | 253 | 251 | 5.9% | 8.0% |
| .4 | الجنوب الإسلامي | 11 | 4 | 10 | 2 | 4 | 3 | 0 | 1 | 24 | 11 | 5 | 0.5 | 256 | 251 | 9.4% | 4.4% |
| .5 | الدولي الإسلامي | 11 | 6 | 1 | 0.3 | 0.4 | 3 | 4 | 4 | 17 | 13 | 2 | 1 | 260 | 100 | 6.5% | 13.0% |
| .6 | الراجح الإسلامي | 2 | 5 | 0.4 | 0.3 | 3 | 4 | 0 | 0 | 5 | 9 | 1 | 10 | 238 | 236 | 2.1% | 3.8% |
| .7 | الطيف الإسلامي | -2 | -1 | 15 | 14 | 0 | 0 | 1 | 0 | 15 | 12 | 1 | 2 | 205 | 156 | 7.3% | 7.7% |
| .8 | العالم الإسلامي | 0.4 | 0.7 | 4 | 4 | 3 | 6 | 0 | 4 | 8 | 14 | 1 | 1 | 265 | 253 | 3.0% | 5.5% |
| .9 | العراق الإسلامي | 12 | 6 | 19 | 15 | 2 | 7 | 3 | 4 | 36 | 32 | 7 | 15 | 272 | 290 | 13.2% | 11.0% |
| .10 | العربية الإسلامي | 0 | 0 | 0.3 | 0.1 | 1 | 4 | 0 | 0 | 1 | 4 | 3 | 0.6 | 268 | 339 | 0.4% | 1.2% |
| .11 | العطاء الإسلامي | -1 | -0.4 | 8 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 7 | 1 | 2 | -2 | 242 | 242 | 2.9% | 0.4% |
| .12 | القابض الإسلامي | 0 | 0 | 0 | 0 | 3 | 8 | 0 | 0 | 3 | 8 | 0.04 | 4 | 245 | 245 | 1.2% | 3.3% |
| .13 | القرطاس | 3 | 3 | 0.4 | 0 | 4 | 5 | 0 | 0 | 7 | 9 | 0.6 | 2 | 256 | 255 | 2.7% | 3.5% |
| .14 | المستشار الإسلامي | 3 | 3 | 1 | 3 | 2 | 5 | 0 | 0 | 6 | 11 | 0.2 | 5 | 208 | 157 | 2.9% | 7.0% |
| .15 | المشرق العربي الإسلامي | 2 | 0.4 | 3 | 2 | 0.4 | 3 | 0 | 0 | 5 | 5 | 0.5 | 2 | 199 | 149 | 2.5% | 3.4% |
| .16 | الوطني الإسلامي | 2 | -2 | 2 | 5 | 3 | 4 | 0 | 0 | 8 | 7 | 0.6 | 2 | 274 | 275 | 2.9% | 2.5% |

| | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 17. | أمين العراق الإسلامي | 0 | 0 | 1 | 0 | 2 | 1 | 1 | 0 | 5 | 1 | 0.02 | -2 | 148 | 97 | 3.4 % | 1.0% |
| 18. | ايلاف الإسلامي | -0.2 | -0.4 | 6 | 7 | 2 | 7 | 0 | 3 | 8 | 18 | 0.7 | 7 | 256 | 265 | 3.1 % | 6.8% |
| 19. | زين العراق الإسلامي | 1 | 0.2 | 3 | 1 | 2 | 1 | 0 | 0 | 7 | 3 | 0.1 | -1 | 244 | 231 | 2.9 % | 1.3% |
| 20. | كردستان الدولي الإسلامي | 0 | 0 | 10 | 11 | 19 | 9 | 8 | 15 | 37 | 36 | 10 | 2 | 613 | 602 | 6.0 % | 6.0% |
| 21. | نور العراق الإسلامي | 4 | 5 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 4 | 5 | -1 | 0 | 249 | 254 | 1.6 % | 2.0% |
| | المجموع | 56.2 | 27.5 | 92.14 | 72.13 | 56.8 | 92 | 20 | 34 | 229 | 229 | 35.06 | 58.2 | 5444 | 5040 | 4.2 % | 4.5% |



**EAST GATE**
ECONOMIC RESEARCH
& MARKET STUDIES

**دەرگای ڕۆژهەڵات**
بۆ توێژینەوەی ئابووری
و لێکۆڵینەوەی بازاڕ





www.egciraq.org
@egciraq
+964 771 878 5050
info@egciraq.org